گەپ– مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
ساڵی حەوتەم ژمارە(١٢٨) ٢٨/٩/ ٢٠١١
بەکاتی فەرتەنەی گرێبەستە نەوتییەکان
www‹gep-media‹com Email:gepgovar@yahoo‹com
سوبعەت تاسەر ئێسقان
128



کاریکاتێری:
سۆران کوردپوور ل١١

تورکیا ئیعتیزاریەوەک.. نەتانیاهۆ بۆی ناکا
خۆیشی بۆ قەسفی هەرێم داوای لێبوردن ناکا

وا مەکتەب کرایەوە.. کتێب چاپکرایەوە
کۆنەکان دابەشکران.. تازەکان شاردرایەوە

ماڵیکی دەڵێ هەر خۆم.. نەوتەکەی جنوب ئەخۆم
گرێبەستی هەرێمیش.. بگەڕێننەوە بۆ خۆم




کاریکاتێر: سەردار کێستەیی

# ئەی کێ داوای لێبووردن لە ئێمە بکات؟



Mohamad qadir
محەمەد قادر

لەسەر ئەو کەشتیە مەنکوبەی ساڵی پار کە بووە قوربانی کێشە سیاسییەکانی ئیسرائیل و فەلەستین و چەندین سەرنشین و کەشتیوانی تێدا بوونە تەپسی، تورکیا بەهەڕەشەوە بە ئیسرائیل دەڵێ: (ئەبێ داوای لێبوردنم لێ بکەیت!). لەبەرامبەریشدا ئیسرائیل دەڵێ: (داوای لێبوردن لەکەس ناکەین)! بەم بۆنەیەشەوە گرژی کەوتۆتە ناوچەکەو هەر دوولاش دۆست و ئەحبابی ئەمریکان.

هەرچەندە ناشوکری نەبێ کلتوری لێبوردەیی شمولی ئەم ناوچەیە ناکات و لەوەتای خەڵکی ئەم مەنتیقەیە فێری کخە و بقەبوون شمشێر و تیر و خەنجەر و تۆماهۆک و کاتوشایان بەدەستەوەیە، بۆ ئێمەی کوردیش لەنێوان ئەم بەرداشەدا زۆرترین شەق و درێژترین رەقەمی پێلەقەی سیاسی و ڕەگەزپەرستیمان بەنسیب بووە، کەچی دایم و دەرهەم بۆ دوژمنە ناکەسبەچەکانمان لێبوردووبووین! تەنانەت لەئەنفال و کیمیاباران و تۆپ بارانەکانیشدا زۆر بەسورعەتی بەرق لێیان خۆشدەبین و هەموو ئەو نەهامەتیانە ئەکەینە قوربانی یەک مەرحەباو دوو تەوقەی سیاسی و ئابووری!

مەعێن لێبوردەیی لای ئێمە تۆزێک واوەتر چووەو تێکەڵ بە ماسۆشیەت بووە، ئەوەندەی حەزمان لەگۆرانی لالانەوە و پاڕانەوە و جوکەجوک هەیە، چارەکی ئەوندە توخنی گۆرانیی بڕوابەخۆوەبوون نەکەوتووین، تەنانەت سروده جەنگی و نیشتمانییەکانیشمان یەک پارچە نووزە نووز و نوکەنووکی تازێکانن!

ئاخر مرۆڤ دڵی لەخۆی دادەمێنێ کە دەبینێ وڵاتانی دونیا لەسەر کوژرانی یەک هاولاتی خۆیان دەیکەنە هەرا.

بەڵام هەر خودی ئەو وڵاتانەش لەبەرامبەر پەلاماردان و تۆپباران و موشەک هاویشتن بۆسەر سقیل و گوندەکانمان نەک هەر داوای لێبوردن ناکەن، بگرە دەڵێن: (هەر بە نێرەکەری)!.

باشە چ عەجەب ئەی کێ داوای لێبوردن لە ئێمە بکات؟ بەڵام خۆ ئەگەر بیری لێبکەینەوە ناهەقیشیان نیە وابکەن، چونکە ئەگەر لەسەر ئەو تەعدایانەی کراونەتە سەرمان داوای لێبوردن بکرێ! وڵاتێک نامێنێ پرژی شەرمەزاری سەروسەکتی سواغ نەدات و ڕووی نەکات توونی حەمام!

لەلایەکی دیش هەر هەقیانە وەها بیرکەنەوە! چونکە سەرۆک جاشەکانی دەڤەرەکەمان –خوا لە بەڵایان بەدورمانخات) جگە لە خیانەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی عەیامێکی زۆر سووری بەر لەشکرەکان بوون لە ئەنفالدا، کەچی نەک هەر داوای لێبوردنیان نەکردووە، بگرە لە میدیاکانەوە بەو پەڕی ڕووقاییمەیەوە گلەیی ئەوەش دەکەن - سەرەڕای ئەو هەموو کوردایەتیەی کردوویانە- چۆن دەبێ لە بەغدا و لەبەردەستی عەرەبدا دادگایی بکرێن!!

جێی خۆیەتی لەو فرسانانە بپرسین: ئەرێ بۆ ئەنفالچێتی ئاساییە ببنە جاشی بەردەستی عەرەب! بەڵام بۆ دادگایی پێتان قوت نادرێت لە بەغدا حوکم بکرێن؟!

ڕیکلام



# تەلەفون..
## خێرو شەڕێکی بەرانبەر



کەریم مودەڕیس Karem Mudars
هەولێر

کابرا سوێندی خوارد قەتعییەن ناوی کەرەکەی وەک خۆی نەهێنێ، واتە نازناوێکی بۆ دابنێ هەم تەعبیربێ و هەم تەحریربێ لەو وەزعەی بۆ دروستبووە، کە ئۆمەت بە ناوی ئەوەوە بانگ ئەکرێ، بەڵام کەی، ئەو کاتەی لەسەر چەقی ڕێگا بەرەو دواوە ڕابکەن و خاس و خەراو وەک شێلانی ئۆمێدی ئەو خەڵکە بە دامەزراندن بشێلێ. ئەو دامەزراندنەی هێندەی فت تێکەوتووە، گرفت هەر دیارنییە لەناویا، ئەوەنەی عەرەب تێکراوە، کوردەکە هەر لەخۆیەوە ئەچێتە دواوە.

وەلحاصل بگەڕێینەوە سەر کەرەکەی کابرا، ڕۆژێکیان لە مەیدانێکا ئەیگرێ و جووتەیەک هەڵئەدا و بارەکەی توورِ هەڵئەدا، خۆ ئێوەش گوێتان لێ بووە لەم پەنە، کە پێی ئەڵێن پەنی بێ عیبرەت، ئەو پەنەی دەس و قاچیان شکاندووە، وەک هەوەسی ئەو هەرزەکارانە ماندووە.. کە بەقیست سەیارەیەکی ئاخیر مۆدیل دەکڕن و ئیتر خوا بزانێ چی بەکەللەی سەر و ئەو شەقامانە ئەکەن، کە ئەویش هەر خوا ئەزانێ چەنێک سەیارە ئەگرن و چەنێکیان تێکردووە.

ئیتر کە کەرەکە جوتکە هەڵئەدا کابرا هەر ئەوەنەی بۆ ئەمێنێ وەک ئەو دایک و باوکانەی فریان بەسەر تەربییەتی مناڵەکانیانەوە نەماوەو لە سجلی نفوس زیاتر مەفعولی باوکایەتیان نەماوە، بە ئاهێکەوە بەکەرە نازدارەکەی بڵێ : ئای های..هەر هەوی، وەلێ دڵم نایە ناوت بێنم..!!

هەنێ لە وەسائیلی پەیوەندی سەردەم هەن، چەنێ خەدەماتیان هەس، ئەوەنەش نەکەباتیان هەس، کە بۆت باس ناکرێ وەجەرەیە نەفەس، ئەمما لێرەیا هیچ ئاماری نایەم وەدەس، نەبادا لێمانی داخەن و بڵێن: مادام وایە. تا ئێرەو بەس.

تۆ وەرە ئەگەر پەوەندی وەڵامنەراوەت نییە و دەست وەک دەستی هەنێ لەو فەرمانبەرانە بەتاڵە کە هەر بەهەوەس موعامەلەکەت بۆ سبەی تەئجیل ئەکەن، یان سێ دانە ریسالەت بەهەڵە بۆ نەهاتووە عیلاقەی زەوجیت بخاتە نێو کۆڕی گومانەوانێ، دیقەت بە جگە لەوەی ئەم وەسائیلانە خەوو خۆراک لەچاوی گەنجان ئەزڕێنێ و شەوانە بەدەم ئاهو هەناسەی عاشقانە و ئەتباعی ئەم قسانە بێداریان ئەکا، هەرکە ڕۆژیش ئەبێتۆ ماندوو شەکەت یەک دانە بەرهەمیان لێ ناچۆڕێ، کەچی بە فانیلەی ڕەنگاوڕەگ و قۆڵی تاتۆکراوو و

پانتۆڵی نیو قۆڵەوە ئەڕژێنە سەر ئەم جادە بەستەزمانانەی ئێمە کە زۆرینەیان نەک هەر موالیدی عەسکەری، بگرە وادەی تەقاعودیشیان هاتووە، ئەمما ئەوراقیان نوقسانە، بۆیە شەش مانگ لەدائیرەکانا ئەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی پێشی بڵێن ئەمەیانت نوقسانە،و ئەویتریانت غەڵەتە! بۆیە وەک ئەو کوردانە وا عاتڵ بوونە کە لەبەر (برای عەرەبی هین ڕەشم) لەمەسیف و شەقڵاوەیەکا بایی حەسیرێک جێیان نابیتۆ قەسرو جەمعێک بکەن، لەولاوەش چاویان بڕیبێتە ئەو کچۆڵە فەریکانەی نەک قەسرو جەمع بگرە خوتبەی جومعەشت بەم حاڵەوە لێ بەتاڵ ئەکەن، ئا بەم حاڵەوە ئەڕژێنە سەرجادەو داواکاری زۆرمان لێ ئەکەن ئەگەرنا خۆیان ئەسووتێنن...!!

ئێ داواکاری داواکاری، ئەم خۆ سووتانە یانی چی، توخوا ئەمە شیعارە یان ئەیدرکێنم یان خۆم ئەسووتێنم، ئێ دە بیدرکێنە. خۆ ڕێی لێ نەگرتووی قرقێنە...

ئەمما هەنێ لەداواکارییەکان لەبیرمان نەچێ وەک ئەسلی ئەم بابەتە کە وەسائیلی پەیوەندییە، ڕەوان، وەک دامەزراندن و هەلی کار و دەرفەتی چوونە پێش و گەڕانەوە پاش، چونکێکم هەنێ جار گەڕانەوە بۆ دواوە بایی سلفەیە زەواج قازانجی هەیە.

بێینەوە سەر باس، تۆ بەهەزار حاڵ خۆت لـەدەس موکالەمەیە ئەدزیتەوە، کەچی فلق ریسالەیە موتەوەلت بۆ ڕەوان ئەکاو ئەڵێ، دوو سێ دانە وەڵامنەدراوەت هەیە، یان لەوە سەیرتر تۆ دایئەخەی تا میشکت تۆزی بکریتۆ، کەچی دانەیەکی دیکەت بۆ دیت لە هەموو ئەو کەسانەی خۆت لەدەستیان شاردۆتۆ، بە کولی یەکێ لەوانە ئەڵێ: کورە مەجالی نەیە بنیشنە سەری ئەوە تەلەفونەکەی کردەوە.

ئێ توخوا ئەمە کارە، تەلەفونیش ئامرازی بێزارە. کە داشیدەخەی ئەترسی ئەو یانەسیبەت بۆ دەرچێ کە ناوە ناوە بەبێ ئەوەی تۆ هەر ئاگاشت لێ بێ، یان ریسالەت ناردبێ، پێت ئەڵێ ریسالەیە بنێرە بۆ ئەم ڕەقەمە، پەنجا هەزار دۆلارت بۆ دەرچووە، هەرکە تەماح ئەتگرێ و ئەینیری، وەحدەکەت سفر ئەکا، ئەگەر ناشینێری کوڕینە پەنجا هەزاریش گاڵتە نییە ئەگەر بەدرۆش بێت..!

GEP
Karikatur Magazeen
No:128 28th September 2011
www.gep-media.com
Executive Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

# باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

## مۆدێل ...

ئەم نەوعە نەخۆشییە وەک هەڵامەت وایە فەسڵی بۆ نییە، خەڵکی کەی هەوەس بکات دەیگرێ، بەڵام لە جیاتی سەرما بوون خۆیان ئەدەنە بەر هەوای هەوەس و تووش دەبن :

• ماوەیەکە مۆدێلی گۆڕین و گۆڕینەوەی سەیارە باویەتی و هەر پیاوماقوڵ و نیوەماقوڵ دەبینی لە مەعرەزەو سویچ بادەداو پیاوە بە ویژدانەکانی ئەویش خۆیان بادەدەن ..

• مۆدێلی عەمرەش ماوەیەکە بووە بە سیباقانێ و منافەسەیەکی توندی چاولێکەری دوور لە ئیمانی تێکەتووەو ئەخیرەکەشی لە بێ تەیارەییدا بەجێ دەمێنن.

• مۆدێلێکی تری نەگبەتی ئەوەیە خانووەکانیان تەخت دەکەن و جارێکی تر دروستی دەکەنەوە و ئەخیرەکەشی نقەنقی دێت لە ژێر قەرزا !...

• مۆدێلی نارەزایی دەربڕین بووە بە عادەت و جاری وا هەیە رازیەکە پێش ناڕازیەکان دەکەوێت لە نارەزایی دەربڕیندا !!

• مۆدێلی مەکتەبی نموونەیی و رەوزەی ئەهلیش تازەیە بەخێر، کەچی هەموو ساڵێک یەکەمەکانی ئەم وڵاتە هەر لە مەکتەبە فەقیرە حکومیەکانن !!

• مۆدێلی جادەی دوو ساید زۆر گەرمە، ئەوەندە حەزیان لێیەتی درەنگ لایەکی دروست دەکەن، هەتا ئەوی تریان تێکچێتەوەو قەت تەواو نەبێت!..

• مۆدێلی لابتۆپ، ئەمەیان تەکنەلۆجیایە نەخوێندەوار پێش خوێندەوار هەیەتی و بەحسابی جانتای لابتوپ بێت نیوەی ئەم خەڵکە دکتۆرو خەبیرو فەیلەسوفن، یان خەریکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژین !!

• مۆدێلی کۆمپانیا، وای لێهاتووە گەرەک نییە کۆمپانیایەکی تێدا نەبێت کەچی ئەوەی جێبەجێی دەکات کۆمپانیای بیانین !!

• مۆدێلی چوونەوە مەکتەب و ئیمتحانی خارجی ئەوە هەر باسی ناوێت، هەر موەزەفە و خەریکی سەعی کردنە بۆ تەعدیلی راتبەکەی !



بێ توانج

کاریکاتێر

سالم سەلیم